# ئەو کارانەی کە دڵ ڕەق دەکات

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**زاگرۆس هەمەوەندی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# الأمور التي تقسي القلب

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئەو کارانەی کە دڵ ڕەق دەکات

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە
.

خۆشەویستان لەم باسەی ئەمجارەماندا ئاماژە بەو کارانە دەکەین کە دەبنە هۆی ڕەق کردن و ڕەش کردنی دڵەکان، بە پشتیوانی خوای گەورە ئاماژە بە گرنگترین ئەو کارانە دەکەین بە هیوای ئەوەی لێیان بە ئاگابین بۆ ئەوەی خۆمانیان لێ بپارێزین، چونکە ئەگەر بەووردی سەرنج لەحاڵی خۆمان بدەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەمان دڵەکانمان ڕەق بووە و ووردە ووردە خەریکی بەتەواوی ڕەش دەبێتەوە، ئەویش کاتێك دەبینین نوێژەکانمان هیچ کاریگەریەکی نییە لەسەر ڕەوشت و ئاکارمان، یان کاتێك قورئان دەخوێنین هیچ نامانگرێنێت، بەتایبەتی لەو ئایەتانەی باس لەسزای دۆزەخیەکان دەکات، یان لەکاتی مامەڵە وکڕین وفرۆشتنماندا خۆمان لە حەرام و ئەو شتانەی جێگای گومانن ناپارێزێن، یان لەنێو یەکتردا زولم وستەم لەیەك دەکەین وهیچ گوێی پێ نادەین، هەندێگ جاریش گومانی خراپ بەیەکتری دەبەین، لەوەش خراپتر صیلەی ڕەحم بەجێ ناهێنین لەگەڵ خزماندا .

ئەو نیشانە و بەڵگانەش کە دەلالەت لەسەر ڕەق بوونی دڵەکانمان دەکەن، ئەوەیە دڵەکانمان سۆز و بەزەیی وخشوع و ترسی خوای تێدا نامێنێت، خوای گەورەش لەزۆر جێگای قورئاندا بەخراپ باسی ئەم دڵانەی کردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴾ [ سوره الحديد : ١٦ ] واتا : وەک ئەو کەسانەنەبن کەکتێبی ئاسمانییان بۆ ڕەوانەکرا، بەڵام دوای تێپەر بوونی ماوەیەکی دوورو درێژ، دڵیان ڕەق و ڕەش بوو، زۆربەشیان یاخی و سەرکەش و نالەبار دەرچوون .

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ ثُمَّ قَسَت قُلُوبُكُم مِّن بَعدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالحِجَارَةِ أَو أَشَدُّ قَسوَة ﴾ [ سورة البقرة : ٧٤ ] واتا : لە پاشان دڵتان ڕەق بوو دوای ئەم(هەموو) موعجیزانە دڵتان وەک بەردە بەڵکو زۆر ڕەق ترە .

عەبدوڵای کوری عەباس ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : دڵی نەوەکانی ئیسرائیل لەگەڵ ئومێد وهیوای بێهوودەیان دڵەکانیشیان ڕق بوون، و تەواو دوور کەوتنەوە لە یاد و ذیکری خودا بەشێوەیەك ئامۆژگاری و نەصیحەت هیچ کاریگەری نەمابوو لەسەریان، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو هەموو ئایەت و بەڵگە و نیشانانەی خوای گەورەیان بەچاوی خۆیان دەدی بەڵام پەندیان

لێوەرنەدەگرت، بەشێوەیەك دڵیان وەك بەرد ڕەق بوو بوو بگرە لە بەردیش ڕەقتر، هیچ چارەسەریەك نەبوو بۆ نەرم كردنیان .

دڵی ڕەق ئەو دڵەیە خاوەنەكەی زۆر لەخوای گەورە دوور دەخاتەوە، تا وای لێ دێت بەهیچ شێوەیەك چاك وخراپ لێك جودا ناكاتەوە، وە ئامۆژگاری هیچ كاریگەری نابێت لەسەری و قبوڵی نەصیحەتیش ناكات .

پێغەمبەری خوداش ( صلی اللە علیە وسلم ) گرنگیەكی زیاتری داوە بە پێگەی دڵ لە باقی ئەندامەكانی تری مرۆڤ، وهانی كەسەكانیشی داوە هەمیشە بە یاد وذیكری خودا دڵەكانیان پاكوخاوێن بكەنەوە ، وەك فەرموویەتی : « ألا وإن في الجسد لمضغة إذا صلحت صلح الجسد كله واذا فسدت فسد الجسد كله ألا وهي القلب » [ متفق عليه ] واتا : لە جەستە و لاشەی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر هاتوو ئەو پارچەیە باش و خاس بوو، ئەوا سەرجەم ئەندامەكانری تری لاشە باش و خاس دەبن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هاتوو ئەو پارچە گۆشتە خراپ و بەد فەڕ بوو ئەوا سەرجەم ئەندامەكانری تری لاشە خراپ و بەد فەڕ دەبن، ئەو پارچە گۆشتەش دڵە .

هەروەها فەرموویەتی : « إن الله لا ينظر إلى أجسامكم ولا إلى صوركم ولكن ينظر إلى قلوبكم وأعمالكم » [رواه مسلم ] واتا : بێگومان خوای

گەورە تەماشای لاشەو و ڕوخسار و ڕومەتتان ناكات، بەڵكو خوای گەورە تەماشای دڵ و كاروكردەوەتان دەكات .

ئێستاش دێینە سەر باسی ئەو كارانەی كە دەبنە هۆی ڕەق كردن و ڕەش بوونەوەی دڵەكان :

**یەكەم** : پشتگوێ خستن و پشتهەڵكردن لە یاد وذیكری پەروەردگار، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ﴾ [سورة طه : ١٢٥ ] واتا : وە هەر كەسێ ڕوو وەرگێڕێ لە ڕێبازو یادی من ئەوە بێگومان ئەو كەسە گوزەرانێكی سەخت و تەنگی دەبێت (لە گۆڕدا ) و لە ڕۆژی دواییشدا حەشری دەكەین بە كوێری .

پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « مثل المؤمن الذي يذكر الله والذي لا يذكر الله كالحي والميت » [رواه البخاری ] واتا : نمونەی ئەو باوەڕدارەی كە یاد وذیكری خودا دەكات، لەگەڵ ئەو كەسەی كە یاد وذیكری خودا ناكات، نمونەیان وەك زیندوو مردوویەك وایە .

**دووەم** : كەمتەرخەمی كردن لە بەجێگەیاندنی فەرزەكاندا، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗ ﴾ [سورة المائدة : ١٣ ] واتا : جا بەهۆی ئەوەوە

کە نەوەی ئیسرائیل بەردەوام پەیمان و بەڵێنەکانیان دەشکاند، نەفرەتمان لێکردن و دڵەکانیانمان ڕەق و سەخت و ڕەش کرد .

**سێهەم** : خواردنی حەرام، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەیەکیدا فەرموویەتی : « يطيل السفر أشعث أغبر يمد يديه إلى السماء يارب يارب ومطعمه حرام وملبسه حرام وغذي بالحرام فأنّى يستجاب له » [ رواه مسلم ] واتا : ئەو کەسەی کە لەسەفەرێکی درێژدایە و مووی سەری هاتووە و تەپوتۆزاووی بووە، دەسەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و هاوار دەکات و دەلاڵێتەوە و دەڵێت : ئەی پەروەردگار ئەوەم بۆ بکە وئەی پەروەردگار فلان ئاواتم بۆ بەدی بهێنە، کەچی لەگەڵ ئەوەدا خواردن و خواردنەوە و جلو پۆشاك حەرامەو و بە حەرام گۆش کراوە، ئیتر چۆن خوای گەورە نزا و داوای لێ گیرا دەکات .

**چوارەم** : گوناهو تاوان کردن، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾ [ سورة المطففين : ١٤ ] واتا : نەخێر، وانیە (ئەو نەفامانە تێناگەن و داناچڵەکێن) بەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوەو چڵکی گوناە داییپۆشیوە لە سەرەنجامی ئەو کاروکردەوانەی کە دەیانکرد .

**پێنجەم** : بە ئاشکراکردنی تاوان و گوناهـ ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکیدا فەرموویەتی : « كل أمتي معافى

إلا المجاهرين » [ متفق عليه ] واتا : هەموو ئومەتی من خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت ئەو کەسانە نەبن بە ئاشکرا و بەبێ پەردە گوناهو تاوان دەکەن.

چونکە عەبد و بەندەکان ئەگەر هاتوو بە ئاشکرا تاوان و گوناهیان کرد مانای وایە هیچ باکیان نییە لەسزای خوای گەورە و ململانێی لەگەڵدا دەکەن، خوای گەورەش بەوە سزایان دەدات کە دڵەکانیان ڕەش و ڕەق دەکات و مۆری خراپەکاریان بەسەردا دەنێت، بەڵام ئەو کەسەی کە تاوان بە ئاشکرا ناکات و کاتێکیش کردی زۆر لەخوای دەترسێت و لەپەنهانێکدا دەیکات، دڵی ئەم کەسانە نزیکن لە پەروەردگارەوە و هەر زۆرخێرا تەوبە لەو گوناهە دەکەن .

**شەشەم** : ڕازی بوون بە نەزانی و جەهالەت و پشتهەڵکردن لە دین تێگەیشت و فیربوونی زانستەکانی، خوای گەورە وەصف و ثەنای زانایانی کردووە بەوەی ئەوان کەسانێکن زۆر لەخوای گەورە دەترسن، وەك فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ [ سورة الفاطر : ٢٨ ] واتا : بەڕاستی هەر زاناکان پەی بەو نهێنییانە دەبەن و لەناو بەندەکانی خوادا هەر ئەوان لەخوا دەترسن (لە سەردەمی علم و زانستیدا ئەم ڕاستیە ڕوونە چونکە زانا و پسپۆڕان کاتێك وردەکاری بەدیهێنراوان پەی پێ دەبەن، زۆر هەست بە گەورەیی و دەسەڵاتی خوا دەکەن) .

هەر بۆیە دەبینین جەهالەت ونەزانین یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ڕەش بوونی دڵەکان، و دوور کەوتنەوە لە ترسی خوا و ترسی سزاکانی .

**حەوتەم** : شوێن هەواو و هەوەس کەوتن، و قبوڵ نەکردنی هەق وڕاستی، وکار پێ نەکردنی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾ [سورة الصف : ٥ ] واتا : جا کاتێك ئەوان گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لەحەق لایاندا، خوایش دڵەکانیانی لەخشتە بردو مۆری پێدا نا، چونکە خوا ڕێنموویی قەوم و هۆزی تاوانکارو تاوانبارو لەسنوور دەرچوو ناکات .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ ثُمَّ ٱنصَرَفُواْ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ﴾ [ سورة التوبة : ١٢٧ ] واتا : ئەمجا ئەوان پشتیان لە فەرمایشتەکانی خوای گەورە کرد، لەبەرامبەریشدا پەروەردگار دڵەکانی ئەوانی لە هەق وڕاستی لادا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەونا گەلێکی نەفام بوون و تی نەدەگەشتن .

**هەشتەم** : موتاڵاکردن و خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەهلی بیدەع و خورافیات و گرنگی پێدانیان، و کاریگەر بوون بە مەزهەب و ڕێچکە وڕێبازەکەیان، چونکە خویندنەوە و موتالاکردنی ئەو کتیبانە وا لە مرۆڤ دەکات کە کتێبە بەسوودەکان ئەهلی

سوونნەت و جەماعەت نەخوێنێتەوە و پشتیان لێ هەڵ بکات، ئیمامی شافعیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بیت [9] فەرموویەتی : « دەمە دەمێ کردن و جدال کردن لەسەر زانست دڵەکان ڕەق دەکات ووتۆی دووبەرەکێش دەچێنێت .

**نۆیەم** : خۆبەزل زانین و ڕەوشت نزمی، پێغەمبەری خودا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : « ألا أخبركم بأهل النار؟ كل عتل جواظ مستكبر » [ متفق علیە ] واتا : ئایا پێتان بڵێم کێ لە ئەهلی دۆزەخە، ؟ هەموو کەسیکی لوت بەرزی خۆبەزل زانی پشت هەڵکەر لەهەق وڕاستی .

**دەیەم** : هەڵخەڵەتان و مەغرور بوون بە خۆشی و لەزەتەکانی دونیا و ڕۆچوونی زۆر لە موباحاتدا، چونکە خۆدان بەدەم خۆشی و لەزەتەکانی دونیا و زۆر گوێ نەدانە بە حەرڵاڵ و وحەرام و ڕۆچوون تێیدا هرکارێکی سەرەکیە بۆ ڕەق و ڕەش بوونی دەڵەکان و پشت گوی خیستنی ڕۆژی دوایی، وەك زانایانی پێشین ئامارژەیان پێداوە .

**یازدەیەم** : زۆر پێکەنین و گاڵتە گەپ کردن، چونکە هەرکاتێك دڵ سەرگەرمی شتە پڕوپوچەکان بوو، ئەوا وورده وورده لەهەق وڕاستی لادەدات و هەق و ناهەقی لێ تیکەڵ دەبیت، لەفەرموودەیشدا هاتووە : « إياك وكثرة الضحك فإنه يميت القلب ويذهب

بنور الوجه » [ رواه الترمذي ] واتا : ئامان دوور بكەونەوە لە پێكەنینی زۆر، چونكە پێكەنینی زۆر دڵ دەمرێنێت و نووری ڕوخساریش هەلدەگرێت .

خۆشەویستان ئەمانەی كە باسمانكردن كۆمەڵێك بوون لەو كارانەی كە دەبنە هۆی ڕەق بوونی دڵەكان و ڕەش بوونەوەیان، لەخوای گەورە دواكارین بمان پارێزێت لێیان و بە نووری ئیمان و ئیسلام دلەكانمان ڕووناك بكاتەوە . ئامین یارب العالمین ..

وصلی اللە وسلم علی سیدنا محمد وعلی الە وصحبە وسلم